# ئەستێرەی دەریا



بۆیە پێی دەوترێت ئەستێرەی دەریا، چونکە شێوەی لەشی زۆر لە ئەستێرە دەچێت و لە قوڵایی دەریاو زەریاکاندا دەژی. ئەستێرەی دەریا گەلێک رەنگی هەیە، لەوانە: پرتەقاڵیی، وەنەوشەیی، سورو سەوز. کاتێك یەکێك لە پەلەکانی لێببێتەوە، ئەوا دوای چەند هەفتەیەك دروستی دەکاتەوەو دەبێتەوە بەگیانداریکی تەواو. ئەم گیاندارە لەبری خوێن، ئاو بەناو لەشیدا دەڕوات. لەشیشی بە دڕك و قولاپی تیژ دا پۆشراوە، کە بۆ دوورخستنەوەی قوڕو لم لەسەر لەشی و بۆ بەرگری لە خۆ کردن و گرتنی نێچیر بەکاریان دەهێنێت. جۆرێك ئەستێرەی دەریا هەیە پێی دەوترێت ( پیکنۆپودیا )، ئەم جۆرە نزیکەی ( ٦٠ ) سانتیمەتر درێژەو ژمارەی پەلەکانیشی ( ١٩ تا ٢٤ ) پەل دەبن.



ئا: نەریمان عوسمان
وێنە : سابیر بەدری